زنجیرە ڕێنمایەکانی دێرین ژمارە ٩٥

تاوانی خیانەت کردن

پێغەمبەری خوا صلی اللە علیە وسلم سەبارەت بە سیفەتی دووڕووەکان فەرموویەتی: :

نیشانەی کەسی دووڕوو سێ شتە ، یەکەم : لەکاتی قسەکردنیدا درۆ دەکات، دووەم: کاتێك بەڵێنیدا بەڵێنەکەی ناباتە سەر، سێ یەم: لەکاتی سپاردنی ئەمانەتدا ناپاکی دەکات و نایپارێزێت .

نوسینی

م. هەڵگورد مصطفی گەلاڵەیی



١٤٣٨ کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه ومن تبعهم بإحسان الى يوم الدين .

خیانەت: بریتییە لە ناپاکی کردن لەوئەرکەی لەسەر شانیەتی بۆن مونە لەوانە ناپاکی کردن لە پاراستنی ئەمانەتدا ، پێغەمبەری خوا ﷺ سەبارەت بە سیفەتی دووڕووەکان فەرموویەتی : نیشانەی کەسی دووڕوو سێ شتە ، یەکەم : لەکاتی قسەکردنیدا درۆ دەکات ، دووەم : کاتێك بەڵێنیدا بەڵێنەکەی ناباتە سەر ، سێ یەم : لەکاتی سپاردنی ئەمانەتدا ناپاکی دەکات و ناپیارێزێت .

خیانەت و ناپاکی چەند جۆرێکی هەیە

١) ناپاکی لە بیروباوەڕ و پەرستشدا: بۆ باوەڕدار درووست نییە ناپاکی بکات لەبیروباوەڕیدا نابێت بەهیچ شێوەیەك شەریك بۆ خوا دابنێت شتێکی تر لەگەڵ خوا بپەرستێت ، وەدرووست نییە ناپاکی لە پەرستشەکاندا بکات وەکو دەست و نوێژگرتن و نوێژکرن و زەکات دان و باقی پەرستشەکانی تر.

٢) ناپاکی لە شەرەف ناموسدا: بۆ باوەڕدار درووست نییە ناپاکی لەگەڵ ناموس و ئافرەتی خەڵك بکات ، خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلاً﴾ الإسراء-٣٢ . واتە : هەرگیز نزیکی زینا مەکەون ، چونکە ئەو کارە گوناه و تاوان و ڕێچکەیەکی زۆر خراپ و هەڵەیە .

٣) ناپاکی کردن لەسەیرکردنی حەرامدا : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ﴾ غافر-١٩ .

واتە : خوا زانیاری هەیە و ئاگای لەو چاوانەیە کە خیانەت دەکات و سەیری ناموسی خەڵك دەکات وەئاگای لەگشت ئەو شتانەشە کە لەناو سینەکاندا شاراوەیە.

٤) ناپاکی کردن لەکەسایەتی و ئەمانەتدا : درووست نییە باوەڕدار بەدەست و زمانی ئەزیەتی بەرامبەری بدات و نارەحەتی بکات ، یان ماڵ و سامانی داگیر بکات یان نەیپارێزێت و بیفەوتێنێت .

٥) خیانەت و ناپاکی کردن لە برایەتیدا: موسڵمان برای موسڵمانە پێویستە مافەکانی نێوانیان جێ بەجێ بکەن و یارمەتی یەکتر بدەن و ڕەحم و بەزەییان بۆ یەك هەبێت و مافەکانی یەکتر پێشێل نەکەن و ستەم لەیەکتر نەکەن.

٦) ناپاکی کردن لە کڕین و فرۆشتندا: پێغەمبەری خوا ﷺ جارێکیان بەلای گەنم فرۆشێکدا تێپەڕی و دەستی خستە ناو گەنمەکە و پەنجەکانی گەیشت بە تەڕێتی ، بەخاوەنی گەنمەکەی فەرموو ئەم تەڕێتییە چییە ؟ پیاوەکە وتی ئاوی بارانی بەر کەوتووە پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو : کەوایە بۆ گەنمە تەڕەت نەخستۆتە سەرەوە بۆ ئەوەی خەڵك بیبینێت ، هەر کەسێ ناپاکیمان لەگەڵدا بکات لەئێمە نییە

.

٧) ناپاکی کردن بەرامبەر بە وڵات: بۆ هیچ کەسێك درووست نییە خیانەت لەوڵاتەکەی بکات و یارمەتی دوژمنانی وڵاتەکەی بدات .

٨) ناپاکی کردن لەبەڵێندا : هەرکەسێك پەیمان و بەڵێنی بەکەسێکدا واجبە بەجێی بگەیەنێت و هەڵی نەوەشێنێتەوە ، چونکە هەڵوەشاندنەوەی بەڵێن لە نیشانەی دووڕووەکانە.

٩) ناپاکی کردن لەهاوسەرێتیدا : درووست نییە بۆ پیاو یان بۆ ئافرەت ناپاکی بەرامبەر یەکتر بکەن و شەرەف و ناموسی یەکتر نەپارێزن ، دەبێت زۆر وریا بن و خۆیان لە سەریرکردنی حەڕام و پەیوەندی ناشەرعی و بەد ڕەوشتی بپارێزن چونکە زۆر گوناهبار دەبن و زەرەرمەندی دونیاو قیامەت دەبن .

١٠) ناپاکی کردن لەپەروەردەکردنی منداڵدا : دایکان و باوکان بەرپرسن لەپەروەردەکردنی منداڵەکانیاندا بۆیە دەبێت زۆر بەڕێك و پێکی منداڵەکانیان پەروەردە بکەن و لەگشت خراپەیەك بیانپارێزن و ئامۆژگاری خێریان بەکەن .

وصلى الله على نبينا محمد وعلى آله وصحبة وسلم

نوسینی : م. هەڵگورد مصطفى گەلاڵەیی

٢٣/جماد الأول/١٤٣٨ - ٢٠١٧/٢/٢٠

لە بلاْوکراوە خێریەکانی پەرتوکخانەی دێرین ٠٧٥٠٤١٢٨٢٢٠